# حوكمی نەدانی باج

[ كردي – کوردی – kurdish ]

شێخ عبدالله بن عبدالرحمن الجبرين

وەرگێڕانی: دەستەی بەشی زمانی کوردی لە ماڵپەڕی ئیسلام هاوس

پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

2012 - 1433

IslamHouse.com

# حكم الامتناع عن دفع الضرائب

« باللغة الكردية »

الشيخ عبد الله بن عبد الرحمن الجبرين

يرحمه الله تعالى

ترجمة: فريق قسم اللغة الكردية بموقع دار الإسلام

مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

2012 - 1433

IslamHouse.com

# حوكمی نەدانی باج

**پرسیار:** ئایا بەپێی شەریعەتی ئیسلام دروستە من هەموو ئەو باجانە نەدەم کە حکومەتەکان دەیسەپێنن بەسەرماندا ؟ لەبری ئەوەی من هەموو ئەو باجانە بدەم کە لەسەرمە، هەندێکی بدەم ولەهەندێکی تری خۆم بدزمەوە؟ ئەویش بەوەی حساباتی خۆم هەمووی ئاشکرا نەکەم بۆ حکومەت، وەك ئاشکرانەکردنی کۆی هەموو ئەو شتانەی فرۆشراوون وکڕراون، یان کۆی قازانجی کۆتایی ساڵ، باجەکانیش، وەك باجی کەلوپەلە فرۆشرا وکڕراوەکان، باجی قازانجەکان، وباجی هەندێك شتی تر، جا من دەپرسم، ئایا حوکمەکە جیاوازی هەیە لە وڵاتێکی ئیسلامیەوە بۆ وولاتیکی غەیری ئیسلامی ؟

**وەڵام:** سوپاس بۆ خوای گەورە ومیهرەبان، وە درود و صەڵات وسەلام لەسەر محمد المصطفی وئال وبەیت ویار ویاوەرانی هەتا هەتایە .

سەبارەت بەو باجانەی کە حکومەتەکان دەیسەپێنن بەسەر خەڵکدا، وەك باجی کەلوپەلە فرۆشرا وکڕراوەکان، وباجی قازانجەکان، وباجی کارگەکان، وباجی سەر کرێکارەکان، وهەندێك باجی تر، ئەم مەسئەلەیە جێگای تێڕامان و ئیجتهاد کردنە، ئەگەر هاتوو حکومەت ئەو باجانەی لەبری وەرگرتنی ئەو زەکاتە کۆ دەکردەوە کە لەسەر بازرگانەکان وکەسانی تریش دانراوە، ئەوە دەبێت بیدەیت هەرچەند ئەو باجانەی کە حکومەت وەریدەگرێت زیاتریش بێت لەو زەکاتەی کە دەبێت دەری بکەیت، لەهەمان کاتدا (بیت المال) موسڵمانانیش پێویستی بەوە هەبوو کە گەشە ونەشونما بکات بۆ پڕکردنەوەی پێداویستی وکارە (ضروري) یەکان، وەك دروستکردنی قوتابخانە و پرد وڕێگاوبان ومزگەوت ونەخۆشخانە ومووچەی فەرمانبەرانی میری، لەم کاتەدا دەبێت ئەو باجانە بدرێت ودروست نییە هیچ شتێکی لێ بشاریتەوە، بەڵام ئەگەر هاتوو حکومەت ئەو باجانەی لەبری زەکات وەرنەدەگرت وئەوەشی وەری دەگرت لە گەندەڵی وخراپەکاری وکاری حەرام ونەشیاودا خەرجی دەکرد، ولەو بوارانەدا صەرفی نەدەکرد کە شەریعەتی ئیسلام دیاری کردوون، وەك پێدانی بەو کەسانەی کە زەکاتیان پێ دەشێت، ئەوە لەم کاتەدا دروستە ئەندازەی ماڵوسەروەت وسامان وبڕی قازانجەکەت بشاریتەوە، بۆ ئەوەی ماڵ وسامان وپارەیان نەدەیتێ وئەوانیش لەکاری حەرام وگەندەڵی وخراپەکاریدا خەرجی بکەن، چونکە ئەم کارە دەبێتە

یارمەتیدانی ئەوان لەسەر گوناهوتاوان، وخوای گەورەش فەرموویەتی : ﴿ وَلَا تَعَاوَنُوا عَلَى الْإِثْمِ وَالْعُدْوَانِ ﴾ [ المائدة : ٥] واتە : لەسەر گوناهو تاوان و دەستدرێژی و، لەسنوور دەرچوون، هاوکاریی وکۆمەکی یەکتر مەکەن .

خوای گەورە زاناترە .

سەرچاوە : ماڵپەڕی : شێخ عبداللە بن عبدالرحمن الجبرين .